## چاودێری لە فێرکاریدا

چاودێری لە فێرکاریدا ئەرکی گرنگی هەیە و خاوەن پێشەمییە. بۆ ئەوەیە بزانین تا چ ڕادەیەك کاروباری فێرکاری ڕێك هاتوون لەگەڵ ڕێساگەلی ئەم بوارەدا. لەسەر ئاستی هەم مەکتەب و هەم شارەوانی، فێرکاری دەخرێتە بەر وردبوونەوە و دێتە هەڵسەنگاندن. لەم کارەشدا لایەنی جۆرایەتی و قانوونی ڕەچاو دەگیرێن.

## چاودێری بۆ پێش خستنە

دابین کردنی مافی تاکەکەس

تاکەکەس، لە سنووری شارەوانیدا، مافی هەیە سوودمەند بێت لە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، وەك: سەرپەرشتیی زارۆك، خوێندن و فراژووتن و زانیاری بۆ زارۆك. لاوان و مرۆڤی ڕسکاو. فەرمانگەی فێرکاری کار دەکات بۆ دابین کردنی ئەو مافانە. یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم فەرمانگەیە دڵنیابوونە لەوەی بەڕاستی دەرفەتی سوودمەندبوون لە بنکەی سەرپەرشتیی زارۆکان، مەکەتەب و خوێندنی تایبەت بە خەڵکی ڕسکاو بۆ هەر هەمووان ڕەخساوە.

کاری چاودێری سەرلەبەری هەر هەموو مەکتەبکان دەگرێتەوە، چ سەربە شارەوانی بن و چ ئازاد. لە بواری باخچەی منداڵاندا بەرپرسایەتیی سەرۆکی بنکەکە دەخرێتە بەر چاودێری.
لە کاری چاودێریدا بە شێوەیەکی بنجی هەموو بنکەکان، هەر لە مەکتەبەوە هەتا فێرگەی گەورەساڵان، بەسەر دەکرێنەوە بە هیوای دۆزینەوەی بنەمایەك بۆ هەڵوێست وەرگرتن.

دەبێ کار بکرێت بۆ کۆ کردنەوەی فاکتا و پێشاندانی بارودۆخی مەکتەبەکان. ئەنجامی ئەو کارەش دەبێتە سەرچاوەی بڕیار و پێشنیاز بۆ لایەنی مەبەست بە نیازی چارە کردنی ئە خاڵانەی ڕاپۆرتی چاودێری ئاماژەی پێ کردوون.

بەرەو سەرخستنی جۆرایەتی

لە ئەنجامی چاودێریدا، شارەوانی و مەکتەب، ڕاپۆرتێك وەردەگرن. ئەم ڕاپۆرتە بەرنامەیەکە بۆ کار کردن ڕووەو پێشخستنی جۆرایەتی، بۆ نموونە ڕاپۆرتی چاودێری جەخت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتاری مرۆڤشکێن دەکات، جەخت لەسەر شێوزی فێرکاری دەکات.

هەوڵی ناوخۆ

چاودێری، جگە لەوەی کاروباری بنکەکە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، هەوڵی ناوخۆی بنکەکەش - لە بواری هەڵسەنگاندن و بەدوادا چوون و بەیانی جۆرایتیی کاروبار – دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە.

## چۆنییەتی کار و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

هەر شارەوانییەك، بۆ چاودێری، دەستی تایبەتی هەیە و کەسێکیش دەکاتە سەردەستە. ئەوەندەی بکرێت، کەسانی کارامەی بواری جودا لەم دەستەیەدا کۆ دەبنەوە: کەسانی شارەزای بواری ڕێبەرایەتی، سەرۆکایەتی، لێکۆڵینەوەی قانوونی و فێرکاریی پلە جوداکانی خوێندن پێویستن.

هەر شارەوانییەك / مەكتەبێك، بە پێی ئەندازەی خۆی و بەرفرەوانیی كارەكانی، لەلایەن چەند دەستەیەكەوە چاودێری دەكرێت. دەستەكان دوو هەتا چوار كەسن و دەشێت كەسانی شارەزای تایبەتیش لەلاوە بخرێنە سەر دەستەكە.

## هەنگاوەكانی چاودێری

ئامادەكاری
بەر لە دەستپێكی چاودێری هەم تاكە تاكەی مەكتەب و هەم خاوەن كار – كە دەشێ شارەوانی بێت یان دەستەی كارگێڕی مەكتەب – دەخرێنە ژێر وردبوونەوە. ئەم كارەش بە هاوكاریی ماددەی بەردەستی وەك ئامار، ڕاپۆرتی جۆرایەتی، بڕیاری چاودێریی زووتر، ڕاپۆرتی چاودێری دەربارى جۆرایەتی، ساز دەبێت.

مەبەستی ئەم هەنگاوە هەڵبەستنی وێنەیەكی دروستە دەربارەی هەم كاروباری خاوەن كار و هەم كەموكووڕییەكانی بنكەكە. هەر بۆ نموونە: ئایە جیاوازیی گەورە هەیە لە نێوان نمرەی كچان و كوڕاندا؟ ئەدی لە نێوان مەكتەبەكاندا؟ منداڵ هەیە پێویستی بە هاوكاریی تایبەت هەبێ و ناكرێت؟

سەردان
هەنگاوی دووەم سەردانی چەند شارەوانی و مەكتەب و باخچەی منداڵانە. لە سەردانی وەهادا دیداری كەسانی خاوەن كاری جودا دەكرێت، وەك بەڕێوەبەر، مامۆستا، هاوشیرە (سیستەر) ی مەكتەب و هەروەها خوێندكاران و دایكوباوكان و سیاسەتمەدارانی بەرپرس.
تێبینی شێوازی وانەگوتنەوەی نێو پۆل، چالاكی خوێندكاران و هەروەها ژینگەی مەكتەب دەكرێت. خانووی مەكتەب و كەلوپەلیش كۆنترۆڵ دەكرێن.

شیكاری
زانیاری كۆ دەكرێنەوە، دەنووسرێنەوە و دەكرێنە بنەما بۆ داڕشتنی ڕاپۆرتی چاودێری. ئەوجا دێینە سەر شیكاری، نرخاندن و هەڵسەنگاندنی زانیارییەكان و پاش ئەوە، هەر یەك لە خاوەن كاران، بڕیاری تایبەتی بۆ دەچێت.

بەسەر كردنەوەی ڕاپۆتی پار
هەموو جارێك خاون كار بەسەر دەكەینەوە بۆ ئەوەی هەم ئەنجامی چاودێرییەكەی بۆ ڕوون بكەینەوە و هەم بۆ دڵنیبوون لەوەی بەرپرسان بنەماكانی هەڵسەنگاندن و بڕیارەكانی ئێمە دەرك دەكەن.
ئەگەر بڕیار هەبێت داوای چارەی تایبەت بكات ئەوا دیسان دێینەوە بۆ كۆنترۆڵ كردنی چارەكان.

## چۆنیەتیی هەڵسەنگاندن

فەرمانگەی فێركاری ئەم دوو خاڵە كۆنترۆڵ دەكات:

- بۆ منداڵ سەرپەرشتی و بۆ خوێندكار خوێندنی وەها تەرخان كراوە كە قانوون بۆی سەلماندوون،
- جۆرایەتی خوێندن و پێداویستیی پێش خستنی خوێندن. دەستەیەكی دەرەكی، لایەنی قانوونی و لایەنی جۆرایەتی، دەخاتە بەر هەڵسەنگاندن بە مەبەستی دەستەبەر كردنی ئەو سەرپەرشتی و خوێندنەی دەوڵەت بۆ منداڵ و خوێندكاری سەلماندووە.

## پرسی گشتی

فەرمانگەی فێرکاری ئەم پرسە گشتییانە دەکاتە سەرشاری چاودێری

- ماف: مافگەلی منداڵ و خوێندکاران چۆن دەستەبەر دەکرێن؟ ئایە خاوەن کار پەیڕەوی ئەو قانوونانە دەکات کە دانراون؟
- جۆرایەتی: بەراورد کردنی ئەنجامی کار لەگەڵ ئەو ڕێسا و ئامانجانەی لە نووسیاری «ڕێنامەی فێرکاری» و «ڕێنامەی وانە»ی شێوازە جوداکانی مەکتەبدا هاتوون. هەوڵی پێش خستنی جۆرایەتی: هاوکاریی خاوەن کار و مەکتەب لە بواری سوود وەرگرتن لە دەرفەتی «بەرپرسایەتیی ئەوتۆنۆم» دا چۆنە؟ هەوڵی ناخۆ لە بواری هەڵسەنگاندن و پێش خستنی جۆرایەتیدا چۆنە؟ ئایە هەموو منداڵێك و خوێندکارێك ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە پێویستە بۆ فراژووتنی بەرەو ئامانجە میللییەکان؟

فەرمانگەی فێرکاری هەفت خاڵی لە مۆدێلێکدا کۆ کردۆتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بەشەکان. ئەم مۆدێلە ئەنجام، چالاکی و پێشمەرجەکانی هەموو شارەوانی و هەموو مەکتەبەکان دەگرێتەوە.
لە بەشی چالاکیدا لایەنی کارامەیی، ڕێبەرایەتی، سەرۆکایەتی جۆرایەتی بەسەر دەکرێنەوە. ئەم مۆدێلە «ڕێنامەی فێرکاری» دەکاتە سەرشار و خاوەن ڕوانگەیەکی سەرلەبەرە.

## هەفت خاڵی مۆدێلی چاودێری

1. بەهاگەل و نۆرمەکانی منداڵ / خوێندکار ڕادەگیرێن بەرانبەر ئامانجە گشتییەکانی نێو «ڕێنامەی فێرکاری» کە دەربارەی بەهاگەلی بنەمای دێمۆکراسی، دەستڕۆیی و بەرپرسایەتین،
2. ئاستی زانستی ڕادەگیرێ بەرانبەر ئامانجەکانی نێو «ڕێنامەی فێرکاری» و «ڕێنامەی وانە».
3. ژینگەی مەکەتەب و بەشداربوون ڕادەگیرێ بەرانبەر ئامانج و ڕێساگەلی نێو «ڕێنامەی فێرکاری». لێرەدا لایەنی وەك: ژینگەی فێرکاری، بەرەنگاربوونەوەی ڕەفتاری مرۆڤشکێن و هەروەها بەشداربوون لە پێك هێنانی ژینگەی مەکتەب دێنە بەرباس.
4. کاروباری فێرکاری، بۆ نموونە وانە گوتنەوە و شێوازی کار، گفتوگۆی فراژووتن، هەڵسەنگاندن، نمرە دانان و هەروەها هاوکاری و ڕاشکاوی.
5. بەڕێوەبەرایەتی، سەرۆکایەتی و هەوڵی پێشخستنی جۆرایەتی.
6. دەرفەتی سوودمەندبون لە بنکەی سەربەرشتی و لە مەکتەب و هەروەها لە زانیاری دەربارەی خوێندن و چالاکیی سەر بە فێرکاری.
7. توانا، بۆ نموونە کارمەند، گەشە کردن لە بواری کاردا، دابەشینی توانا و کەلوپەلی فێرکاری.

هەر یەك لەو خاڵە گشتییانەی سەرەوە دەبێتە بنەمایەك بۆ کاری شیکاری. فەرمانگەی فێرکاری پلان دادەنێت بۆ بەسەر کردنەوەی ئەنجامی چاودێرییەکانی زووتر.
فەرمانگەی فێرکاری زادەی چاودێرییەکان دەکاتە ڕاپۆرت و دەیانخاتە بەردەم حکوومەت. لە هەر ناوچەیەکدا، ڕاپۆرتی چاودێری، دەبێتە بنەمای شیکاری و ڕێك خستنی کاروباری مەکتەبەکانی ئەو ناوچەیە.
لەوەش بترازێت فەرمانگەی فێرکاری ڕاپۆرت دەدات هەم دەربارەی هەوڵی ناوخۆی شارەوانی و مەکتەبەکان - بۆ پێش خستنی جۆرایەتی – هەم دەربارەی ئەو کارانەی شارەوانی و مەکتەب – بۆ وەڵام دانەوەی ڕاپۆرتی چاودێری – کردوویانە.

«...»